


# بیرەوەرییەکانی
# خەزاڵ

کورتە چیرۆکێک

نووسینی : نادر فەتحی (شوانە)
جۆزەردانی 2712ی کوردی
ئاڵمان

## پێش گوتە:

مێژوو، تەنیا پەیوەندی بە رابردووەوە نییە بەڵکوو تێکەڵاوێکە لە هەڵس و کەوتی رابردوو لەگەڵ ئێستا و داهاتووش. مێژوو بۆ هەڵسەنگاندن و گرنگیدان بە کێشەکان فێرمان دەکات لەگەڵ ئێستای ژیانمان مەودا بگرین، بەڵام بەو مەرجەی لێی نەپسێینەوە. بەو شێوەیە رەنگە بتوانرێ بە زانین و ئاگاداربوون لە مێژووی رابردوو، رێگاچارەیەك بۆ کێشەکانی ئێستامان بدۆزینەوە. بە درێژایی مێژووی ناوچە و لە کۆمەڵگای ئێمەدا "ژن" وەك کۆیلە یا لایکەم وەک هاوڵاتیی پلە دووهەم چاوی لێکراوە و گرنگی ئەوتۆی پێ نەدراوە. پیاوسالاری بنچکی خۆی وا لە کۆمەڵگادا داکوتاوە کە تا چەند ساڵ بەر لە ئێستاش هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا چاویان لە هەنبەر ئەو کێشەیە قووچاندبوو و هیچ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە و لەناوبردنی ئەو هەڵاواردنە نامرۆڤانەیە هەڵنەدەهێناوە. تەنانەت ژن خۆیشی سەری بۆ ئەو کۆیلەییەی دانەواندبوو و کەمتر وا بووە لە هەمبەر ئەو کێشەیە هەڵس و کەوتێک بکات، یاخود بۆ رزگارکردنی خۆی لە دۆڵپای پیاوسالاری هەوڵێکی جیددی بدات. ئەو کێشەیە واتە گرنگی نەدان بە بەشداریکردنی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری لە بنەماڵەکانەوە دەستپێدەکات. بۆ وینە جیاوازی دانان لە مابەین کچ و کوڕ لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا کە تەنانەت "دایك" خۆی وەك ژنێك و ئەندامێکی گرنگی کۆمەڵگا، بۆ پێکهاتنی ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارە و نەک هەر بەربەرەکانی ئەو جیاوازییەی نەکردووە، بەڵکوو یارمەتیدەریشی بووە.

کێشەی بە کۆیلەکردنی ژن شتێکی نوێ نییە و لە کۆمەڵگاکانی دیکەی ئەم جیهانەشدا بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئورووپاشدا بەڕێوەچووە. ئەو کارەساتەی ئایینی مەسیحی لەو سەردەمەدا بەسەر ژنی دەهێنا، نیشاندەری ئەوپەڕی وەحشیگەری و بێ بەزەیی پیاوسالاری بوو. هەر ژنێک دەنگی بەرزکردایەتەوە بە نێوی جادووگەر دەیانسووتاند.

بەداخەوە سەرەڕای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە زۆربەی وڵاتانی دنیای مودێڕنی ئەوڕۆی جیهاندا، لە کۆمەڵگای کوردەواری هێشتا بەهۆی لەمپەری ئایین و داب ونەریتی هەڵە و گوشارهێنانی لە ڕادەبەدەر بۆ ئەو بەشە لە ئەندامانی کۆمەڵگا واتە "ژن"، مەسەلەکە کەم و زۆر وەک خۆی ماوەتەوە و هیچ رێگاچارەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە! جیاوازی سەدەکانی ناوەڕاست لەگەڵ ئەم سەردەمە ئەوەیە کە ئەوکات ئەو ژنانەی دەنگیان بەرز کردایەتەوە دەیانسووتاندن، بەڵام ئێستا بەهۆی داب و نەریتی نادروست و گوشاری ئایین، ناچاریان دەکەن بە دەستی خۆیان خۆ بسووتێنن!

**جۆزەردانی 2712ی کوردی "شوانە"**

بیرەوەرییەکانی خەزاڵ کورتە چیرۆکێکە سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای کوردستان کە بەداخەوە گوشاری کۆمەڵگا و ئایین لەسەر ژن و کچ و ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵگا بە ڕادەیەك زۆرە، کە کارەساتی وەك خۆ سووتاندن، کوشتن و رفاندن و ... لێ دەخولقێ! تەنیا بە چەکی ئاگادارکردنەوە و بردنەسەری پلەی زانیاریەکانی کۆمەڵگا لە ناوچەکە دەکرێ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو کێشەیە بکرێ. "خەزاڵ" پاڵەوانی چیرۆکەکە کیژێکی خوێنشیرنی کوردە کە لە بنەماڵەیەکی ئایینی دا لەدایك بووە و هەستە سروشتییەکانی بەسەر داب و نەریتی کۆمەڵگادا زاڵ دەبن و مل بۆ ئایینی پیاوسالاری کە سەدان ساڵە وەك مۆتەکە خۆی بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە، دانانەوێنێت!

# بیرەوەرییەکانی خەزاڵ-
## کورتە چیرۆکێک

ناوی من "خەزاڵ"ە. تەمەنم پازدە ساڵان بوو، قوتابی پۆلی دووی ناوەندی بووم. براگەورەکەم کاکە "سمکۆ" هەمیشە پێیدەگوتم:*" خەزاڵ تۆ لە هیچ ناگەی! تۆ کیژی و کێژ ئیزنی قسەکردن و پرسیارداڕشتنی نییە!"* ئەو قسەیەی کاك سمکۆ زۆر قورسایی لەسەر رووحم دەکرد. زۆری پێ دڵبریندار بووم. تەنانەت ئەوڕۆش هەر لەسەر دڵم ماوەتەوە! بەڵام خەمەکەم نەدرکاند و هەر لەخۆمدا رام گرت. تەنانەت کاتێك هەڤاڵەکانی دەهاتنە ماڵمان، کاك سمکۆ لە رووی هەڵنەدەهات قسەم لەگەڵ بکات! رۆژێك کاکە سمکۆ داوای لێ کردم دوگمەی کراسەکەی بۆ بدرووەمەوە. بە دڵخۆشییەوە بۆم دووریەوە. کاکە سمکۆ بە پێکەنینەوە پێی گوتم *" بەختەوەرم کە خوشکێکی وەك تۆم هەیە!"*

بەڕاستی خۆشم نەمدەزانی کە مرۆڤ لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا، کچ بێ باشترە یا کوڕ. جاری وابوو ئارەزووم دەکرد کە منیش کوڕ بایەم. لەبەر خۆمەوە دەمگوت: "کوڕ بوون لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆر باشترە."

دایك و باوکم زۆر جار کە باسی کاکە سمکۆیان دەکرد، بە قوربان و سەدەقەی دەبوون، شانازیان پێوە دەکرد و گوێیان لە قسەکانی رادەگرت. بەڵام کاتێک من بۆچوونی خۆم لەسەر شتێك دەربڕیبایە، زوو لێم تووڕە دەبوون و دەیانگوت:*" بۆ کچ باش نییە زۆر قسان بکات!"* دیارە من کاکە سمکۆم زۆر خۆش دەویست و بەخیلیشم پێ نەدەبرد، بەڵام بۆ دەبێ وا بێ؟ بۆ دەبێ لە بنەماڵەدا هێندە بە راشکاوی، جیاوازی لە مابەین کچ و کوڕ دا هەبێ؟

رۆژێك لە هاویندا هێندەم گەرما بوو عارەقە بە سەرتاپای لەشمدا دەهاتە خوارەوە. لە دایکم پرسی ئایا ئیزنم هەیە لەچکەکەم لە سەرم داگرم و جلێکی ناسك لەبەر کەم؟ دایکم زۆر بە تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە و

گوتیّ: *"جارێکیتر داوای وا لە من نەکەی ها! ئەگەر باوکت بزانێ حەیامان دەبا!"*
جاری وابوو لەخۆمم دەپرسی، ئەی باشە خۆ "سەیران"ی هاوپۆلیشم کچە و دایك وباوکی ئەویش هەر وەك ئێمە کوردن و ئەوانیش هەر لەو کۆمەڵگایەدا دەژین. ئەدی بۆ ئەو لەچکەی بەسەرەوە نییە؟ ئەدی بۆ ئەو لە ماڵێ ئیزنی قسەکردنی هەیە و هەر بەرگێکی پێی خۆش بێ لەبەری دەکات؟ زۆر جار کە لە قوتابخانە تەواو دەبوین من و سەیران پێکەوە دەچووینەوە بۆ ماڵی ئەوان و لەوێ بۆ چەند کاتژمێرێك پێکەوە دەبوین. دیارە ئەو تاقانە بوو و خوشك و برای دیکەی نەبوو، بەڵام هەستم دەکرد دایك و باوکی ئەو لە دایك و باوکی من زۆرکراوەتر بوون! بە راشکاوی بۆچوونی خۆی دەگوت و دایك و باوکیشی بە خۆشییەوە گوێیان بۆ رادەگرت!

لە پەنا ماڵی ئێمەوە مزگەوتێک بوو بە ناوی مزگەوتی بازاڕ. هەموو رۆژێك باوکم بۆ نوێژ دەچووە ئەو مزگەوتە. منیش دەبوو رۆژی پێنج جار نوێژ بکەم. دایکم دەیگوت *"ئەگەر مرۆڤ نوێژ نەکات، خودا نای بەخشێ!"* زۆر جار بیرم لەو قسەیەی دایکم دەکردەوە و لەخۆم پرسیار دەکرد: *"باشە چیم کردوە کە خودا نابێ بمبەخشێ؟"* رۆژێك ئەو پرسیارەم لە دایکم کرد. دایکم لە وەڵامدا گوتی: *"رۆڵە گیان پرسیاری وا کفرە و گوناحە! قەت پرسیاری وا نابێ بکەی! دەنا جێگات ناوەڕاستی جەهەننەم دەبێ!"* بەو قسەیەی دایکم زۆر ترسام! گوتم دایە گیان ئیتر پرسیاری وا ناکەم.
بەڵام سەرەڕای ترسەکەم وئەگەری چوونە ناو جەهەننەم، زۆر جار پرسیاری لەو چەشنە لە مێشکمدا پێکدەهات: *"خودا مرۆڤی بۆ دروست کردووە؟ بڵێی مەبەستی لەو کارە چی بووبێ؟ بڵێی دایك و باوکم لە هەڵەدا نەبن؟ بۆچی ئایین هەمووی هەر هەڕەشە و گورەشەیە؟ بۆچی کوڕ ئیزنی هەمووکارێکی هەیە بەڵام کچ نا و ..."* بەڵام هەر گیز نەموێرا ئەو پرسیارانە لە دایکم بکەم!

مەلای مزگەوتی بازار ناوی مەلا محەمەد بوو و هەڤالی باوکم بوو. ماڵەکەیان لە پشت مزگەوتەکە بوو. هەموو جارێك بۆ ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵێ، بە بەر کووچەکەماندا تێپەڕ دەبوو. هەر ئەوەندی چاوم بە مەلا دەکەوت، گورجێک خۆم بە حەسارەکەماندا دەکردەوە. نازانم هۆی چی بوو، لەسەر هیچ و خۆرایی لێی دەترسام. مەلا محەمەد کچێکی بوو کە جارجارە لەگەڵ دایکی لە ڕێگای حەمام دەمبینی. ناوی کەژاڵ بوو؛ لە من بەتەمەنتر بوو، ڕەنگە پێنج شەش ساڵێك لە من گەورەتر بووبێ. کچێکی زۆر جیددی بوو و قەت پێنەدەکەنی. دایکم سەبارەت بەو دەیگوت: *"کچێکی زۆر حەیا بەخۆیە و قەت بێ دڵیی دایك و باوکی خۆی ناکات و سەری بچێ نوێژی ناچێ!"* کەژاڵ قوتابخانە نەچووبوو. وەك دایکم باسی لێ دەکرد، نووسین و خوێندن هەر لە ماڵی خۆیان و لە مەلا محەمەدی باوکی فێر ببوو! دایکم هەموو جارێك بە شانازییەوە دەیگوت: *"کەژاڵ قورعانی لە لای باوکی خەتم کردوە، بریا کچێکی ئاوا بە حەیام بایە!"* نازانم بۆچی دایکم وای دەگوت؟ خۆ منیش قەت بێ مەیلیی دایك و باوکی خۆمم نەکردبوو!

دایکم دەیگوت: *"ئەو کچانەی لەچکەیان بەسەرەوە نییە، حەیایان تکاوە!"* زۆر جار لەبەرخۆمەوە بیرم لەو قسەیەی دایکم دەکردەوە. خۆ من سەیرانم زۆر بە باشی دەناسی. چەند ساڵی ڕەبەق لە قوتابخانە پێکەوە بووین. کچێکی زۆر عاقڵ و لەسەرەخۆ بوو. هەرگیز کارێکی نەدەکرد دڵی هەڤالانی لێ بێشێ. بۆ دەبێ حەیای تکابێ؟

ڕۆژێك لە قوتابخانەوە بەرەو ماڵەوە دەگەڕامەوە، لەبەر دووکانێکی کتێبفرۆشی کاکە سمکۆم بینی لەگەڵ کچێك قسەی دەکرد. لێیان چوومە پێشێ و لە پەنای دارە گەورەکەی کەناری شەقامەکە خۆم لێ گرتن! کچەکە لەچکەی بەسەرەوە نەبوو. دامەنێکی گوڵداری لەبەر دابوو و هەموو قاچ و قولی دیاربوو. کاکە سمکۆ دەیگوت: *"من تۆم خۆش دەوێ، هەرچییەك ئارەزووی تۆ بێ وادەکەین!"* کاتێك ئەو قسەیەی کاك سمکۆم گوێ لێ بوو، لەرزێك تەواوی لەشمی داگرت وموووچڕکێك بە تەواوی

ئەندامم دا هات. ئەو كاك سمكۆیەی لە ماڵی خۆمان تەنانەت ئیزنی قسەكردنی بە من نەدەدا، وا بە كراوەیی لەگەڵ كچێكی بێگانە قسەی دەكرد؟ كچەكە لە وەڵامدا گوتی: *"سمكۆ گیان، منیش تۆم خۆش دەوێ. بەڵام ئێمە دەبێ یەكتر زیاتر بناسین. دەبێ ئێمە لەپێش هەمووشتێكدا بزانین بۆچوونمان سەبارەت بە داهاتووی ژیانمان چییە؟ دەبێ پلانی ژیانمان بۆ یەكتر روون بكەینەوە! ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە داهاتوودا ژیانی هاوسەری پێك بێنین، دەبێ بە روونی و شەفافی باس لە هەموو شتێك بكەین!"*

قسەكانی ئەو كچە زۆر جوان بوون! تا ئەو كاتە هەرگیز شتی وام نەبیستبوو! لە دڵی خۆمدا دەمگوت: *"دەبێ چەند هەستێكی خۆش بێ، مرۆڤ ئاوا بە تێرادیویەوە بۆچوونەكانی خۆی دەرببڕێ!"* لەبەر خۆمەوە دەمگوت: *"ئەو كچە بەو بۆچوونە باشانەوە بۆچی دەبێ حەیای تكابێ!"*
لە ترسی ئەویكە نەكا كاك سمكۆ بمبینێ، بە پەنا شەقامەكەدا بەرەو ماڵێ وەڕێ كەوتم. هەتا گەیشتمەوە ماڵێ، هەر بیرم لە قسەكانی ئەو كچە دەكردەوە. جار جارەش هەڵس و كەوتی كاك سمكۆ- كە بۆ من نوێ بوو و جیاوازی لەگەڵ هەڵس و كەوتی ناوماڵێی هەبوو، مێشكمی بەخۆوە خەریک دەكرد. بە خۆمم دەگوت: *"ئەی باشە بۆ لە ماڵەوە بۆچوونەكان و چەشنی قسەكردنی كاك سمكۆ لەگەڵ من جۆرێكیترە؟"*

بە بی ئەوەی بۆ دایكمی بگێڕمەوە، یاخود ئیزنی لێ وەربگرم، جار و بار دوای تەواوبوونی قوتابخانە لەگەڵ سەیرانی هاوكلاسیم لە ماڵی ئەوان یەكترمان دەبینی. سەیران زۆر ئازاد بوو. تەلەفیزیۆنی لە ژوورەكەی خۆیدا هەبوو. بە تایبەت كتێبخانەیەكی بچووكی لە ژوورەكەی هەبوو كە زیاتر لە هەمووشتێكیتر سەرنجی منی رادەكێشا. لەبەر خۆمەوە دەمگوت: *"رەنگە وەڵامی هەموو پرسیارەكانم لەو پەرتووكانەدا بدۆزمەوە!"* جاروبار دەهاتمە سەر ئەو قەناعەتە كە پرسیارەكانم لە دایكی سەیران بكەم! دەمگوت: *"بڵێی وەڵامی پرسیارەكانم بداتەوە؟"* بەڵام زۆر كەم هەڵدەكەوت كە من و دایكی سەیران بە تەنیا بین! ئەگەریش بەتەنیا بایەین، لەخۆم رانەدەدی پرسیاری لێ بكەم. رۆژێك دایكی سەیران لە

کاتی یاریکردن لەگەڵ سەیران پێشنیاری پێکردم کە ئەگەر بۆخۆم پێم خۆش بێ دەتوانم لەچکەی سەرم داگرم! بە سەرسووڕماویەوە سەیرم کرد، لەترسی ئەوی نەکا حەیام بتکێ، گوتم: "نا، سپاستان دەکەم، پێوەی راحەتم!"

ژیانم بەمجۆرە تێپەڕ دەبوو. رۆژێك لەسەر سفرەی خواردنی ئێوارێ، پرسیارم لە باوکم کرد کە ئایا ئیزنی کڕینی پەرتووکم هەیە؟ زۆر بە رووناخۆشییەوە وەڵامی دامەوە و گوتی: *"پەرتووکی چی؟ رووی کردە دایکم و گوتی ئەوە کچەکەت دەڵێ چی؟"* دایکم مەتەقی لێ بڕابوو! تفی ناو زارم ئیشك بوو! بڕێك راوەستام و هیچم نەگوت. دوای پشوودانێك گوتم: *"کتێبەکانی قوتابخانە بە تەنیایی زۆر ماندوو کەرن و پێم خۆشە لە بەینیاندا بۆ پشوودان، تەوەرێکیتر بخوێنمەوە."* بە تووڕەییەوە سەیری کردم و گوتی: *"پێویستی بە پەرتووك نییە. دەتنێرمە لای مەلا محەمەد دەبێ قورعان خەتم بکەی!"*

وەکوو بەردێکی قورس بە سەر سەرم دابدەن، کاس و وڕ بووم. لەبەرخۆمەوە گوتم: *"زمانم بشکێ، من ئەو پرسیارەم بۆچی کرد؟"*

زۆرم بۆ گرنگ بوو، بۆچوونی سەیران سەبارەت بە قسەکانی دایکم لەسەر کچ و لەچکە و ... بزانم! رۆژێك لەگەڵ سەیران پیاسەمان دەکرد. لێم پرسی: *" هیچ دەزانی تاقمێك لەسەر ئەو بڕوایەن، ئەو کچانەی لەچکە لەسەر ناکەن حەیایان تکاوە؟"* سەیران لە وەڵامدا گوتی: *" خەزاڵ گیان، ئەوە بیرێکی ئایینی و کۆنەپەرستانەیە! حەیای کچ پەیوەندی بە لەچکەوە نییە. دەکرێ کچێکی لەچکەداریش حەیای نەبێ! کاتێك مرۆڤ لە مانای ژیان تێ بگات و بایەخی ئینسانی خۆی لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا بناسێ و بیر و ڕای خۆی دەربڕێ و بۆ وەرگرتنی مافی ئینسانی خۆی تێبکۆشێ، ئیتر زۆر بۆی گرنگ نییە کەسانیتر چ سەبارەت بەو دەڵێن!"* ئەو وەڵامەی سەیرانم زۆر بەدڵ بوو. هەستم بە نەزانییەکی یەکجارزۆر سەبارەت بە ناسین و هەڵس و کەوتی خۆم لە کۆمەڵگادا کرد! هۆیەکەشیم تەنیا لە بنەماڵەی خۆماندا دەدۆزییەوە. بۆ دەبێ دایك و باوکم و براکەم سەبارەت بەو تەوەرە گرنگە هێندە کۆتاییان دەرحەق بە من کردبێ؟ بۆ

دەبێ فەزایەکی وا لە ناو ماڵدا پێك بێنن کە تەنانەت مافی پرسیارکردنم لێ زەوت بکرێ؟ بۆ دەبی ناچار بە هەندێک کار بکرێم کە خۆم پێمخۆش نەبێ؟

ڕۆژێك دایکم گوتی: "مەلا ژن بۆی گێراومەتەوە کە هاتوونەتە خوازبێنی کچەکەیان بەڵام چونکە باوکی کوڕەکە هاتوچۆی مزگەوت ناکا و مرۆڤێکی ئایینی نییە، مەلا محەمەد وەڵامی نای پێداون." دواتر لەبەر خۆمەوە بیرم لەو ڕووداوە دەکردەوە. دەمگوت: *"باشە هاتوونەتە خوازبێنی مەلا یا کچەکەی؟ بۆ دەبێ مەلا وەڵامی نای دابێتەوە؟ تازە باوکی کوڕەکە چ پەیوەندییەکی بەو کارەوە هەیە؟"*
ماوەیەك تێپەڕ بوو. ڕۆژێك لە حەساری ماڵی خۆمان قاپەکانم دەشوشت، لەپڕێکدا هاوار هاوار و دەنگ و گوڕێکی بەرز لە کوچەوە هەستا! دایکم بە هاوارەکەوە چووە دەرێ و دوای چەند خولێك گوێم لە ئاژیری ئامبولانسی نەخۆشخانە بوو! دایکم بە گریانەوە خۆی بە ماڵێداکردەوە و گوتی: شەیتان چۆتە کەڵێشەیەوە!
گوتم: دایە گیان شەیتانی چی و شتی چی؟ مەبەستت کێیە؟
گوتی: ڕۆڵە گیان کچەکەی مەلا محەمەد خۆی سووتاندووە!
زۆرم پێ سەیر بوو! چۆن دەکرێ مرۆڤ خۆی بسووتێنێ؟
گوتم: دایە گیان بآشە لەسەر چی خۆی سووتاندووە؟
گوتی: ڕۆڵە گیان خۆ گوتم. شەیتان چۆتە کەڵێشەیەوە! بە پەلەم دەبی بڕۆم بۆ لای ژنەکەی مەلا محەمەد و ... تۆ لە ماڵ بە و چێشتی نیوەڕۆ بۆ باوکت لێ نێ! خوا حافیز!

ماوەیەکی زۆر ئەو کارەساتە نەدەچووە مێشکمەوە و بۆم ڕوون نەدەبۆوە کە چۆن دکرێ مرۆڤ هێندە گوشاری لەسەر بێ و هیندە بێ دەسەڵات بێ کە بێتە سەر بڕیارێکی ئاوا و کۆتایی بە گیانی شیرینی خۆی بێنێ! باشە شەیتان چۆن دەچێتە ناو مێشکی مرۆڤەوە؟
باشە خۆ دایکم دەیگوت خودا هەموو کارێکی لە دەست دێ و خودا بە توانایە و ... ئەدی بۆچی شەیتان لەناو نابا تا ئیتر نەتوانێ بچێتە مێشکی

منالّی خەڵکییەوە و کارەساتی ئاوا پێك نەیەت؟ بەڵام نا... لەبیرمە دایکم دەیگوت چارەنووسی هەر کەسێک لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە لە لایەن خوداوە نووسراوە! دەجا خۆ ئەگەر چارەنووسی کچی مەلا سووتاندن بووبی ئیتر هیچ دەسەڵاتێکی بۆ بەرگری لەو کارە نابێت! دەیان پرسیاری تری لەو چەشنە مێشکمیان بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو. خەریك بوو مێشکم دەتەقی! لەپڕێکدا بەخۆمم گوت: *"بڵێی ئەو هەموو پرسیارەی من لە خۆمی دەکەم هۆیەکەی شەیتان نەبێ؟ بڵێی شەیتان نەچووبێتە مێشکی منیشەوە؟ تەواو ترسم لێ پەیدا ببوو!"*
ئێوارە دایکم هاتەوە ماڵێ و ئەو کارەساتەی بۆ گێڕاینەوە کە چلۆن ئەو کچە بەستەزمانە خۆی هەڵقرچاندبوو و لە نەخۆشخانەش نەیانتوانیبوو فریای کەون! بەڕاستی کارەساتێکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بوو. نە دایکم و نە باوکم باسی هۆی خۆسووتاندنەکەیان نەدەکرد، هەموو تاوانەکەیان دەگەڕاندەوە سەر شانی ئەو کچە فەقیرە!

ئەو کارەساتە و قسەی دایکم سەبارەت بە چونی شەیتان بۆ ناو کەڵیشە و زۆر پرسیاریتر ماوەیەکی زۆر مێشکمی بەخۆوە خەریك کردبوو! رۆژێك کە لە لای سەیران بووم، غیرەتم گرت و بۆ هەوەڵین جار پرسیارم لە دایکی سەیران کرد:
رەنگە ئێوە بزانن کە بنەماڵەی ئیمە ئایینین؟
دایکی سەیران گوتی: خەزاڵ گیان نازانم تۆ بۆ ئەو پرسیارە دەکەی؟ خۆ ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئایین نییە!
گوتم: تکایە ببوورن. من هیچ مەبەستێکم لەو پرسیارە نەبوو تەنیا چەند پرسیارێکم هەیە و نەمدەزانی چۆن دەست پێ بکەم؟
دایکی سەیران گوتی: هیچ کێشەیەک نییە، هەر پرسیارێکت هەبێ تا ئەو جێگایەی بتوانم، بە دڵەوە وەڵامت دەدەمەوە.
گوتم: راستەکەی پێمخۆش نییە لێتان بشارمەوە کە من زۆرجار ئەو پرسیارانەی دمهەوێ لە ئێوەی بکەم، لە دایکی خۆشم کردوە. بەڵام تا ئێستا وەڵامێکی ئەوتۆی نەداومەتەوە و بەردەوام پێم دەڵێ کە پرسیارکردن بۆ کچ باش نییە! نازانم هۆی چییە، دایم لەسەر هەموو

هەڵس وکەوتێکی بۆم پێش دێ پرسیار لە مێشکمدا دروست دەبێ! هەست دەکەم یا من لە شتەکان حاڵی نابم یاخود دایك و باوکم تێم ناگەێینن!
دایکی سەیران بە پێکەنینەوە گوتی: *"خەزاڵ گیان پرسیارکردن شتێکی زۆر سروشتییە. بە بڕوای من پرسیار نەکردن ناسروشتییە! هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا مرۆڤ و ئاژەڵ جیاوازیەکی زۆر سەیریان نەبووە. مرۆڤیش هەر وەك ئاژەڵ ئەگەر سەرمای بووبێ، لە جێگای گەرم گەڕاوە. ئەگەر گەرمای بووبێ لە جێی فێنك گەڕاوە، ئەگەر برسی بووبێ ڕاوی کردوە و خۆی و بنەماڵەکەی پێ تێر کردووە. تەنیا جیاوازی گەورەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ ئەوە بووە کە مرۆڤ بەهۆی پەرەسەندنی مێشکیەوە پەیتا پەیتا پرسیاری دارشتووە. هەر ئەو پرسیارانەش بوونەتە هۆی پێکهاتنی ئەو هەموو بۆچوون و ئایین و ئیدیۆلۆژیانەی جیهان."*

فرمێسك لە چاوەکانم دا خڕببوونەوە! چەند هەستێکی خۆش بوو کە دایکی سەیران گرنگایەتی بە پرسیارەکەی من دەدا و لەگەڵ من وەك مرۆڤێکی گەورە هەڵس و کەوتی دەکرد. تا ئەوڕۆژە هیچکات دایکم ئاوا بە رووخۆشییەوە وەڵامی پرسیارەکانمی نەدابۆوە!

لە وەتا کەژاڵ خۆی سووتاندبوو، هەستم دەکرد دایك و باوکم و تەنانەت کاك سمکۆی براشم، هەڵس و کەوتیان سەبارەت بە من تا ڕادەیەك باشتر ببوو. هەموو جارێك کە دەچوومە لای سەیران کتێبێکم لێ وەردەگرت و لە ماڵەوە بە دزییەوە دەمخوێندەوە. ماوەیەك رابرد و چەند کتێبێکم خوێندنەوە. وام خوو بە کتێب خوێندەوە گرتبوو، کە زۆربەی کاتی خۆمم بەو کارەوە دەگوزەراند. ئەگەر پرسیارێکیشم ببایە، یا لە سەیران یا لە دایکی سەیرانم دەکرد.
رۆژێك دایکی سەیران قسەی بۆ من و سەیران دەکرد و دەیگوت: *" مرۆڤ دەبێ بە چاوی رەخنەوە سەیری تەوەرەکان بکات. نابێ هیچکات هیچ شتێك بە راستەقینە دابندرێت. چونکە هەرکات مرۆڤ خۆی بە شتێکەوە ببستێتەوە ناچار دەبێ بازنەیەك بە دەوری خۆیدا بکێشێت! هەرچەند بەستراوەییەکە جیددیتر بێ بەو ئەندازەیەش بازنەکە تەنگتر*

*دەبێتەوە"* دایکی سەیران دەیگوت: *"لە هەموو بوارەکان وەك بواری سیاسی، فەرهەنگی، نەتەوەیی و تەنانەت لە بواری وەرزشیشدا نابێ مرۆڤ هێندە ببێتە لایەنگر کە حاڵەتی فەناتیك بەخۆیەوە بگرێت."*

قسەکانی دایکی سەیران زۆر لە راست دەچوون. دواتر بۆم روون بۆوە بۆ وێنە لایەنگری و خۆشەویستی حیزبە سیاسییەکانیش نابێ تا ئەو جێگایە بێت کە رق و قین لەهەنبەر حیزبەکانیتر پێك بێت! مرۆڤ دەبێ ئەو ئازادییە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، یاخود رێگایەك بۆخۆی بهێڵێتەوە کە هەرکات دەنگی خۆی بە حیزبێك بدات کە لایەنگریەتی بەڵام ئەگەر هەست بکات کە ئەو حیزبەی دەنگی پێداوە نەیتوانیوە ئارەزووەکەی وەدی بێنێت، بتوانێ لایەنی ئەوان بەردات و پشتیوانی لە حیزبێکیتر بکات.

لێرە بەولاوە کاتێك کتێبم دەخوێندەوە هەوڵم دەدا بە چاوی رەخنەوە سەیریان بکەم و بیر و بۆچوونی خۆشم لەگەڵ ناوەرۆکی کتێبەکاندا هەڵبسەنگێنم. شۆڕشێك لە مێشکم دا پێك هاتبوو کە هەڵس و کەوتمی بەتەواوی گۆڕیبوو. زۆری پێ خۆشحاڵ بووم کە توانیبووم بە یارمەتی سەیران و دایکی، رێگای ژیانم بدۆزمەوە و وەك کوێر و کەڕ و لاڵ تەنیا وەدوای بیری کۆن و بۆچوونی پێشینیان نەکەوم.

هەتا زیاتر کتێبی مێژووی مرۆڤایەتی و وڵاتانی ترم دەخوێندەوە، باشتر بۆم روون دەبۆوە کە هەندێک کەس لە وڵاتی ئێمەدا، وەك کەو سەریان لە بن بەفر ناوە و هیچ شتێکیتر جگە لەو هەڵس و کەوتانەی کە بەسەریاندا سەپاوە، نابینن!